کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە

www.kurdistannet.org

22-9-2007 3:10بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**چەپکێ لە بیرەوەرییە سوریالی یەکانم. / بەشی پێنجەم.... نەوزاد شێردڵ**

وەك هەر یەکێك لە ئێوەی ئازیز، سەرو و سنگم هێندە پڕە لە باس و گوزارشتی ئاڵۆز و پێشتر کەبت



کراو، ئەگەر بە مەودای تەمەنی حەزرەتی نووح دەرفەتی نووسینم بۆ بڕەخسێت هێشتا قەڵەمی دەربڕینم لە ئاست پێنج دەرسەدی بیرەوەرییە تاڵ و شیرینەکان دا قسوورێکی زەق دێنێت، ئاخر کە بە ئەنقەست نوسیوومە - سوریالی یەکان - چاك لەوە دڵنیا بووم کە باز بازێنی باسەکانم هێند عەجوول و جرپنن، چیتر ناتوانن یا ناخوازن لەسەر زنجیرەیەکی ئەبجەدیی کلاسیکیانە ی مومییل ئۆقرە بگرن و وەك چۆن لە سەرەتاوە و لە سەعاتێکی نادیاری یەکەم زرمە و جەزرەبەی ڕاپەڕیینە پیرۆزە - کوردییە، ئەمرییکیەکەوە! - بێ کلیل ی هیچ سەرچاوەیەك و هەر لە پەنجەرەی زیهنی خۆمەوە داخڵ بە باس بووم، هەڵبەتە ئیتر هەر ئاواش لە زەمەنێکی دیاری نە کراوی نا ئۆرگەناییزدا و بێ پێوویست بە هیچ قفڵێك لە کوێوە هەوەسم کرد دێمەوە دەرەوە، / لە سووبح دەمی شۆڕشی کۆندا کە من لەبەر هەندێك ئیعتیباراتی مۆڕاڵیی و تەعبییریی و ڕێزمانیی و هتد.. بە شۆڕشی گەورەی ناو دەبەم تەمەنم حەوت ساڵان بوو، وەلێ سوپاس بۆ پەروەردگار تاقەت و ئاوەزی زاکیرەم هێند تۆکمەیە زۆر سانا دەرەقەتی شیتەڵکارییووردی دیمەنەکانی ڕۆژ بە ڕۆژی تەمەنی پێنج ساڵانەی ناو حوجرەکەی مەلا خدری گەڕەکی کانی ئاسکانی سلێمانییشم دێم، ئەو ساڵانەی شۆڕشی گەورە باوکم و ستافەکەی لە گووندی - زێوێ - ی نزییك بە - یاڵان قۆز - گەوە ڕێ و تەسکە جادەکانیان چەو ڕێژ و قیرتاو ئەکرد، - وەلی ئەبوو شوارب - ی سەرکردەو ئەفسانەی شۆڕش کە ڕۆژێك بە بێ منی - دوور لە ئێستا !! - سوور و سپی ژیکەڵە و تازە حەوت ساڵانی خەپەتۆڵە و قسە زل و قوت و کۆمیدی ئیدارەی نەئەکرد و هەر بە ڕاوێژی ئەوویش دایکم مووژەکەیەکی شینی - لە چاوی پییس بە دوور - بوونی لە مل کردبووم، بیرمە وەك خۆم بە خواردنی هەر جۆرە گۆشتێك حەساسییەتی هەبوو بۆیە ئەبوو هەمییشە خواردنێکی تایبەت بۆ من و ئەو درووست بکرایە و لە سەر یەك سفرە و دوای گرێدانی هەردوو جەمسەری سمێڵی لە پشت سەریەوە و لەگەڵ قاقای پێکەنینەکانیا بە قسە ئەنتیکەکانم پێکەوە نانمان بخواردایە، ئێستاش جار جار و لە خەڵوەتگا تاسەحەر کێشەکانما سەدای ئەو قاقایانەی ئە و و ترپە ترپی زرمەی مۆتۆڕە ئەلکتریسییە گازوایلەکەی ئێزگەی کۆمینیکە یشنی شۆڕش لە - زێوێ - کە لە خانوویەکی بچووکی قوڕدا بوو لە دۆڵ و کێوەکانی ڕامانی شەوانی سی ساڵ تەمەنی تەنیایمدا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

22-9-2007 3:10بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

ئەزرنگێنەوە، زۆر تریین پرسیارم لە مامە وەلی ئەبوو شوارب ئەوە بوو:- کە گەورە بووم چۆن وەك تۆ ئازا بم؟! ئەوییش ناچار و لەبەر خاتریی موحەبەتم لە دڵیدا هەر جارە و وەڵامێکی ئەدامەوە، ئەوی بیرم مابن: - بڕوات بە خۆت و خوات هەبێت -، زۆر بخوێنەرەوە و کەم قسە بکە، ڕێزی گەورە بگرە -، - زۆر شەرمن مەبە -، و هتد.. کە ئێستاشی لە پاڵدا بێت ڕەفتاری - یا ڕاستر نەخۆشیی - شەرم کردنی لە موبالەغە دەرچووی زۆرینەی منداڵی کورد بە هەردوو ڕەگەزەکەوە هۆکاری هەرە سامناکی کووشتنی بەهرەکانی ناخ و شڵەژاندنی بەرنامە سایکییەکانی تەمەنیی و خولڤاندنی پەتاکانی کەبت و کەوتنی لە ئێکزامە شەفەوییەکانی قووتابخانە و بە ترس و سام نەش و نما کردنی و چاندنی تۆوی کەسایەتی هەمیشە چاو داخستوو لە کێڵگەی حەپەساوی دا و زۆر ئەفێکتی نێگێتیڤی تری وەك بەردەوام دڵە خورپە و ئارەقەی شەرم سڕیین و هەڵچوون و هەڵەشەیی و نەتوانینی تەعبیر کردن لە ئازار و گرفتەکانی خوود و هتد.. هەموو ئەمانە کە ئەم فرسەتە لیمیتدە بواری ئەوەم نادات تاکوو زۆر بە خەستی و لە چوارچێوەیەکی زانستیدا فاکتەرە ڕێ گرەکانیان شی بکەمەوە و هەر لە ڕێی تەجرووبەی سەختی شەخسیی و پاڵپشت بە زانیارییە زەوەندەکانی گەورە پسپۆڕان بە ناو ئەم باسە هەرە گرنگە سیسیۆلۆژییەدا شۆڕ ببمەوە، بەڵام لایەنی کەم و بە چەند دێڕێکی کوورت ئەوەندەم پێ دەگووترێت کە بە بێ هیچ دوو دڵییەك ڕوو بکەمە ئەو داییك و باوك و خاڵ و مام و براو خووشکە هەرە گەورە تاوانبارانەی ئەوەڵ و ئەخییری خولڤێنەری ئەم جۆرە کەسایەتیی ڕووخێنەرە لە منداڵاندا و پێیان بڵێم:- تکایە هاوشان بە شەرح و پێناسە کردنی سنووری شەرمە نۆرماڵ و زانراوەکانی ناو کۆمەڵگای موحافییزی کوردەواریمان بۆ منداڵەکانتان، بە پەلە و هەر لەم سەعاتە شەوە تاکوو کار زیاتر لە کار نەترازاوە، بە خۆ ڕاهێنانێکی ژیرانە واز لەو دیاردە و خووە خەتەرناکەی چاو شکاندنی منداڵەکانتان بهێنن کە بریتیین لە تەنها دوو دیاردەی هەرە گرنگی، یەکەم / چاو نەشکاندن و تەرییق نەکردنەوە و بچووك تریین پیا هەڵ نەشاخاندنی ئەو منداڵانە ئیتر - چ کوڕو کچتن یا خووشك و براتن، یا برازا و خوشکەزاو هتد.. ن لە ڕێگای وەڵامی ناشریین و جوێنی زەق و بگرە سادە تریین پەیڤی هەست بریندار کردنیان دەرهەق بە پرسیارێك یا تەسەرووفێکی عەفەوییان کە دوواجار وەك ژەهراوی کردنی شادەماری خوێن بەری کەسایەتییان نەخۆشییە ناو براوەکانی سەرەوەیان لێ دیاریی ئەدات، دووەم / ئەگەر مەرامتە تاکێکی ئەکتیڤ و بە خزمەتی بەر لە هەموو کەس بۆ خێزانەکە ی خۆت پەروەردە بکەیت و وەك کەسایەتییەکی سەرکەوتووی بڕوا بە خۆی ڕاستگۆ و مێشك بە تەندرووست و چاو نەترس و زانست و مەعریفەت خوازی مایەی سەربەرزی خۆت و خانەوادەکەت بۆ دووا ڕۆژ بیهێنیتە بەرهەم، کە سایەتییەك کە مسقاڵە زەڕڕەیەك چییە ترست لە ئەخلاق و ئاکار و زمان و تەندرووست تێك چوونی دوماهیی نەبێت، ئەوا هەر وەك خاڵی یەکەم و بگرە زۆر زۆر لەوییش گرنگتر، بە هیچ کلۆجێك ڕۆژێك لە ڕۆژان و بە هەمان ڕەوشی چاو شۆڕ کردنی، نەکەیت دەستی پیاماڵین و تێسرەواندنی لێ بەرز بکەیتەوە چوونکە منداڵ زۆر لەو ووتە و واتایەی مێژوو گرنگترە کە فەیلەسووفێك ئەڵێت:- ئەگەر ئەمڕۆ فیشەکێکی ئاراستە بکەیت سبەی تۆپێکت پێوە ئەنێت، بە تایبەت ڕەگەزی مێینە، کە وەك ئەو لمە گڕۆزە وایە تا خەنجەری لێ بدەیت ئەو زیاتر ئاگر ئەکاتەوە.... . ، ڕۆژگار هات و ساڵانییش پە ڕەی پڕ شکۆی بیرەوەریی و یادی گەلێك - وەلی ئەبوو شوارب - ی گۆڕییەوە بە دەفتەرە دۆلار، ئێسك و پرووسکی زۆر گیانفیدای ئەم کوردوستانە زامدارە می کردە پەیژەی مەنسەبی مەسئوول، دووا گیانەڵانی زۆر مێرخاسی سنگ بە فووارە خوێنی ئەم نەتەوە بەشمەینەت و فراژ پێکراوەمی کردە حیکایەتی نان و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org

22-9-2007 3:10بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

پیازی پشت مایکەکان، زۆر ژێنۆسایدی کردم بە - ئەلقەزایا ئەلداخلیە -، زۆر.. زۆر.. ، جا ڕۆژگار چی ما پێم نەکا و چییش ما خۆم بە خۆمی نەکەم؟! کەچی ئەسەف، دووای هەموو چەپکێ مەیت و چەپکێ نێرگز، لە بری عیبرەت هەمان تکرار و هەمان دڵسافیی و خۆشباوەڕییمان، هەمان لێبووردەیی لە دوژمن بۆ هەرگیزا و هەرگییز.

((شەوێکی فێنك و پڕ ئەستێرەی ئازاریساڵی هەشتاو یەکە و ئەمشەو لە دەگمەن تریین نموونەی چالاکیی پێشمەرگەدا وا نەوەد و چوار قارەمانی هەڵبژاردەی سەرجەم حیزبەکان - ئێکسێپت پاسۆکی قووتابخانە - لە سێ قۆڵی دار بەڕووەکان و خانەکە و گڵە زەردەوە تا سەعاتەکەی بەردەرکی سەرای سلێمانییان تەواو کۆنترۆڵ کردووە، وا شێرە کوڕێکی پارتی پەیژەیەکی درێژی بۆ قوتابییەکی ئارام ڕاگرتووە و یەکێتیەکە وێنەیەکی مەزنی بارزانیی باووك بە بەرزایی دیوارەکەی سەر پردی مەولەوییدا هەڵئەواسێت، کچ و کوڕی ڕێکخستنەکانی شار دەست و زەرف بە لەفاف و پۆستەر و سپرەی بۆیاخەوە کۆڵانەکانی سەیوان و حاجی حان و ئەو دیوو خانەقا و سابوونکەران و شێخ جافر و هتد.. یان تەنیوە، - س - ی شۆفێری نەجدە ئۆتۆمبێلەکەی لای خەستەخانەی شیرەکە جێهێشتووە و هاوار ئەکا بە قوربانتان بم کاوولی کەن بیسووتێنن، ڕۆحم دەرچوو و هەر نەبووم بە عەرییف، حەمە جەزای هونەرمەند و پێشمەرگە لە حیسارێکی سەروو حەمامی موفتی مولازم موحسین دا جار جار ئاوڕشێنێك بە تەوارییەکاندا ئەکا و پۆلێك بە پەلە چوونە هانای و حیساریان داپڵۆسی، قەت نەمزانیبوو ئەو بە ڕۆژ کۆنە فرۆشەی مەزاد خانەکە ساڵێکە جەیش شەعبی شەوانە، ئەوسا بازاڕی جاشێتی و جاسووسی هێشتا وا گەرم و بە ڕزق نەبوو! بە بیجامە و شڕە کلاشیکۆفێکەوە هێنایان و چوونکە بیجامەکەی تەڕ کردبوو شەڕواڵێکیان بۆ پەیدا کرد، دەك ئەولا دۆزەخ چن هەی کلاشینکۆف و دیکتارۆف و خرۆشۆف و ستالیین و سیمینۆف و هەموو مەسڵەحەتۆفەکانی تری کرەملین.. وەك چۆن ئەم فەردەوسەتان غەرقی جبە خانەی بەرامبەر بە دینار و پەترۆلۆفی دووژمن کرد، بریندار زۆرە و وا فرمان هات ناچار خەستەخانەکەی چوارباخ ببرێت و برا، ، ئاخر ئەوکات برا لە پشت برا بوو، عورفێکی باوی تریش قاپیی خستنە سەر پشتیی مالانی قەراغ شار و ڕیز کردنی خواردن بوو، ئەو شەوە نزیکە شارییش قاپیی کردبۆوە و چاش ئەخورایەوە، کەمینەکانی هەر سێ قۆڵی پشتەوە ش ڕژانە ئەترافی شارەوە، دەگووترا پڵنگەکانی گەرمیانییش لەو دوورەوە شەقامی سەرەکیی نێوان هەردوو شاریان تا ئەمدیوو چەمچەماڵ وەك باڵی دەیان سەربازی پێ پەتیی بەستبوو، زمانی قوڵپی خوێن گەرمیی هەژدە ساڵانەم ئەیووت:- تەحریرە و چیتر بۆ تۆتالیتاریەتی چۆڵ ناکەینەوە، بەرە بەیان لای دارەکەی حسکەوە پێشمەرگە ئەفسەرێکی پسپۆڕ ووتی:- نا، بەوە دەوترێت - سقوت ئەلمەوقیبع - و دووای تۆپ بارانی شاری سلێمانی ڕەنگە بەو فلان ماددانەش لێی بدات کە ئەڵێن بەغداد هەیەتی، ، ئەمشەو شا شەوی مێژووی هونەری پارتیزانیی و شا زەمەنی مێژووی یەکگرتوویی و هێشتا پەنجە تووتەکانییش یەکتریان نەشکاندووە، ئەمشەو لە بارەی ستراتیژیەتی عەزمی شاران و خۆ ناسیینی گەنجان و فەلسەفەی ئینتیمایی گشتییشەوە هەرچی بگووترێت ئەوە بۆ ئەبەد باس بە دەمیەوەیە.

- ئەمریکای باکوور -

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.